# ناوت
## هۆنراوەی شاڵاو

له سەر سینگی بەردێکی ئەم بنارەوە
من ناوی تۆم هەڵکەندبوو
بەڵام ئەمڕۆ ... هێندەی گەڕام
نە پیتێک مابوو نە ناوت
وا پێدەچوو
زریانی شێت
هەموو شتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو

له کەناری دەریای مەنگی
جێ ژوانێک
له سەر لمی ووردی کەنار
بەم پەنجانەی خۆم نووسیبووم
بۆ یادگار
بەڵام ئەمڕۆ
هێندەی گەڕام
نە ناوت مابوو نە پیتێک
هەوارێکی خامۆش وچۆڵ
وا پێدەچوو
هەموو شتی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچابێ
هاژەی شەپۆڵ
لەسەرگەڵای سەوزی بەهار
بە پیتێکی ئەرخەوانی
ناوی تۆم نووسیبوو
ئازیـــــــــــز
بەڵام ئەمڕۆ

**هێندەی گەڕام**
**نە بەهار مابوو نە گەڵا**
**پێیان ووتم ... چیت نووسیبوو**
**سووتا لەگەڵ ئاهی پایـــــــز**
**بۆیە منیش**
**دڵی خۆم هێناو تیام نووسی**
**خۆشەویستیت لە گەڵ ناوت**
**هەر بۆ ئەوەی دڵنیابی**
**نە زریان ونە شەپۆڵ و نەبای خەزان**
**هەرگیز ساتێکیش نەتوانن**
**گەردێک لەسەر دڵم لادەن**
**تا تۆ مابی**

shallaw1@hotmail.com